دوو هۆنراوە بە مناڵان … عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

دارتـــــــوو

مـــــنم نـــاوم دار تـــــــــووە
ســـەیری چـــەند(توو)م گـــرتووە
بـــــە ئەوە منـــــــــــداڵینە
خـــــواردنم زۆر شـــــــیرینە
کـــــــاتێ بەردم تێ ئەگـــــرن
ئـــــــازارم پێ ئەگـــــــا من
بـــەڵام خـــــێ لە تاو ئازار
تـــووی زۆر هەڵئەدەمە خوار
هەتا ئەوە لێی بخـــــــــــن
دەورم چـــێ بکـــــــــەن بـــن
لەگەڵ توو ئامـــــــــژگاری
پێشکەش دەکـــەم بە دیاری
چونکە گفتوگۆی شـــــــیرین
ســـەرکەوتووت ئەکا لە ژین
مـــن ئازارم پێگـــــــــــەیی
بوڵام زۆر بە شـــــــــنەیی
بە تووی بەتام و شـــــیرین
ئەوەم خستە پێکـــــــــەنین

گۆرانی یەك بۆ مانگ

شەوێك دنیا تاریك بـــــــوو
کۆبووبوونەوە هـــــــەموو
ڕاوەستا بووین لەســـــەر بان
ئەمانەوانی بۆ ئاســـــمان
دوای کەمێك چـــــاوەڕوانی
بۆی کەوتینە گـــــــرانی
بە دەنگی بەرز پێکـــــــەوە
ئا بەو تاریکـــــــــە شەوە

گرانیمـــــان بۆ مانگ بوو
بەکو دەربکـــــــەوت زوو
کەچی مانگ زوو هەنەهات
یاریمان لەگەڵ بکـــــات
ئەمەش بـــە چـــاوەڕوانی
لەیەکترمـــــــان دەڕوانی
لەپڕ هات بە شـــەوقەوە
دنیای روناك کـــــردەوە
ئیتر کەوتینە یـــــــاری
خەندە لە لێومان بـــاری
*** 1/4/2012

عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی